# ئازادی ڕادەربڕین و گرتنی د. کەمال سەید قادر

کاوە ئەمین

یەکێک لە پرنسیپە بنچینەییەکان لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیدا، ئازادیی ڕادەربڕینە. تەنانەت دەستەڵاتە دیکتاتۆرەکانیش، لە دەستووری ولاتەکانییاندا، بە حەرفی قڵەو دەینووسن، گرنگ ئەوە نییە کە بخرێتە پراکتیکەوە، گرنگ ئەوەیە، کە وەفتی ولاتان بە تایبەتیش ڕۆژئاوایەکان، تەشریفیان هێنا، ببینن کە ئازادی با لە سەر کاغەزیش بێت بەرکەماڵە، ئەوانیش بە کەیفی خۆیان، بەرژەوەندییان چۆنی خواست، ئاوا پێناسە و پێشوازیی لەو ئازادییە دەکەن و دەکەونە پەسندان یا ڕەخنە گرتن لێی.
دیارە ئازادی ڕادەربڕین، بە مانای سووکایەتی کردن و بەرەڵایی نایەت، هەرکەس بە ئارەزووی خۆی بێت  وەکو چوالوو بەهەر چوار دەوری خۆیدا، تیرەکانی بهاوێژێت و لە کۆتایشدا پێمان بڵێت ئەی مەگەر دیموکراتی نییە. لە یاسای چاپەمەنی ولاتانی خاوەن کولتووری دیموکراتی کە مافەکانی تاک و گرووپەکان تێیاندا پارێزراوە، ڕێگا بە کەس نادرێت کە سووکایەتی بە کەسێکی تر بکات، کاتێکیش ڕووداوێکی وا ڕوویدا، ئەوا بە تۆمەتی سووکایەتی و بریندارکردنی هەستی کەسەکە یا گرووپەکە، پەلکێشی دادگا دەکرێت و سزایی خۆی وەردەگرێت. بۆ نمونە، یەک دوو ساڵ پێش ئێستا، گودرون شیمان کە ئەوسا سەرۆکی پارتی چەپی سوێد بوو، لەلایەن ڕۆژنامەی (ئێکسپرێسن)، تۆمەتی ئەوەی درابووە پاڵ کە گوایە لە فیلمێکی ڕووتدا، بەشداری دەکات. ئەوەبوو، باجی گودرون، شکایەتی کرد و ڕۆژنامەکە بە تاوانی ئەوەی کە درۆی هەڵبەستووە و بوختانی کردووە،ناچارکرا کە سەد هەزار کرۆنی سوێدی بداتە گودرون شیمان.
چەند ڕۆژێکە، باسی گرتن یا بزرکردنی د. کەمال سەید قادر لە هەولێر، بووتە مانشێتی چەند لاپەڕەیەکی ئینتەرنێت، نووسەرانیش بوون بە دوو بەشەوە، بەشێکی زۆریان داوای ئازادکردنی کەمال سەید قادر دەکەن و لێرەو لەوێش جار جارێک دەنگ بە دژیی کەمال سەید قادر بەرزدەبێتەوە، بە داخەوە لە هەردوو حاڵەتەکەدا، هەندێک هەلپەرستی و چاوچنۆکی و مەسڵحەت دەبینرێت، هەن لە پێناوی سەفەرێک و بلیتێکی بەلاش و میواندارییەک و کەوچکە شۆربایەک، سوکایەتی بە کەمال سەید قادر دەکەن. وەک ئەو پەندە ئەفریقاییەی کە دەڵێت:" کاتێک مشک بە پشیلە پێدەکەنێت، بێشک کونێکی لێوە نزیکە". هەشن لە پێناوی ناو دەرکردن و ڕازیکردنی دڵی خەڵکانێک وەکو منداڵێکی چەتوون کەوتوونەتە بەردە فرکێ، ئەگەر نووسینەکانیان وەربگێڕدرێنە سەر زمانی ئەو ولاتەی کە لێی دەژین، ئەوا بە دڵنیاییەوە بەپێی یاسای چاپەمەنی ئەو ولاتانەی لێی دەژین ئەگەر زیندانی نەکرێن، ئەوا بێشک جەزایەکی ماڵیان بۆ دەبڕنەوە.
ئەوەی کە کەمال سەید قادر، دەبێت هەرچی زووترە، ئازاد بکرێت، هیچ ئەملاو لایەکی نییە، ئاخر کەس وەکو تاکەکانی نەتەوەی کورد، سەرنگوم نەکراوە، بۆیە نابێت مرۆڤ لە کوردستاندا لەسەر نووسین و بیرو ڕاکانی بزر بکرێت، بەڵکو دەبێت بە شێوەیەکی یاسایی و مرۆڤانە، ئەگەر کەسێک لایەنێک هەست بکات، هەستی بریندار کراوە و سووکایەتی پێ کراوە، لە ڕێگای دادگاوە کێشەکەی یەکلایی بکرێتەوە، ئاخر ئەوە مافی هەرکەسێکە کە پارێزگاری لە کەسایەتی خۆی بکات لە ڕێگای پارێزەرو دادگاکانی ئەو ولاتەی لێی دەژی.
من بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ بەشێک لە نووسینەکانی کەمال سەید قادر، نیم، بەلایشمەوە سەیرە کەسێک دوو دوکتۆرای هەبێت و مامۆستای زانکۆ بێت، بە شێوەیەکی ئاوا بازاڕییانە و بەبێ بەڵگە بنووسێت، با خەڵکانێکیش بیانەوێت سابوون لە ژێر پێکانی بدەن، کە هەڵیشخلیسکا، قاقا پێی

پێبکەنن. ئاخر دەبوو کەمال سەید قادر، کە سووکایەتی بە هەموو عەشیرەتی بارزان دەکات، بیزانییایە کە هەشت هەزاریان لە ماوەی مانگێکدا، ئەنفال کران، تەنها لەبەر ئەوەی کورد و بارزانی بوون. بە خائین و جاسووس ناوبردنی هەموو بارزانییەکان، نەک هەڵە بەڵکو تاوانە، ئاخر ئەگەر بارزانییەکان هەر هیچیشیان بۆ کورد نەکردبێت، من پێم وایە ئەو سەفەرە بەناو بانگەی مستەفا بارزانی و هاوڕێکانییان بەسە، بۆ (سۆڤیەت)، کە دوای شەڕێکی پەنجاو یەک ڕۆژە، لەگەڵ سێ لەشکری داگیرکەر و سەرمای زستانی کوردستاندا، خۆیان گەیاندە ئەو وڵاتە. ئێ خۆ ئەوانیش وەکو ئێمەومانان، دەیانتوانی ببنە پەنابەر و هەر هیچ نەبێت لە سووکایەتی و کوشتوبڕیی داگیرکەر، خۆیان قورتار بکردایە. دیارە ئەمە بەو مانایە نییە کە هەچ کەس بارزانی بوو، ئیتر محەمەدیی مەهدییەو، نابێت ڕەخنەی لێ بگیرێت، بەڵکو ئەوانیش وەک هەر تاکێکی تری کورد دەکرێت لەسەر هەر تاوانێک کە بیکەن، دادگایی بکرێن و لەسەر هەچ سووکایەتییەکیش کە پێیان دەکرێت، مافای خۆیانە پارێزگاریی لە خۆیان بکەن، بەڵام لە ڕێگای دادگاوە نەک بەکارهێنانی دەستەڵاتی سیاسی بۆ تۆڵە کردنەوە.